www.kurdistannet.org
10-2-2003 20:44

# نەوت

مەهاباد قەرەداغی

کات لە چاوما باوێشک دەدا. . و
لەگەڵ کورتەی دەنگ و باس دا
منی زام دەکولێمەوە و. .
نێزەش قا قا پێدەکەنیَ و
قووڵتر بە جەستەی سووتاومدا ڕۆدەچیَ
ئاگر تا دیَ کڵپەدەگریَ و
بە باڵای ڕۆژدا هەڵدەچیَ
منی زام هەر دەسووتێم و
نەوتیش حەزی دڵدارانی دەجولێنیَ و. .
زیاتر بە باڵامدا دەرژیَ
من دەمزانی ئێرە کووانووی جەخارێکی لە مێژینەی قەترانییە و. .
ئۆقرەم لە چاوم ڕادەخست
من دەمزانی. .
ئەم مەڵبەندە، شەولەبانی تارماییەکانی تیا بەندە و. .
ڕۆژیَ دادیَ دەمتۆقێنیَ
من دەمزانی. . ئێرە دەریای نەوت و ژانە
ئێرە ئێستگەی جەنگی سێیەمی جیهانە!

. . .

1991-2-15

کفری

. . .

لە دیوانی (هاژەی ڕۆح) دوە.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org